# نابێت هیچ کەسێک سزا بدات بە ئاگر؛ مەگەر پەروەردگاری ئاگر نەبێت

لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خودا بووین -صلى الله عليه وسلم- لە سەفەرێكدا، دەرچوو بۆئەوەی پێویستیەکی جێبەجێ بکات، حومڕەیەکمان بینی (جۆرێکە لە باڵندە) ودوو بێچووی لەگەڵدا بوو، دوو بێچووەکەیمان برد، باڵندەکە گەڕایەوە وباڵەکانی دەدا بەیەکدا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات وفەرمووی: «کێ ئەمەی ناڕەحەت کردووە بەهۆی بردنی بێچووەکانی؟ بێچووەکانی بۆ بگەڕێننەوە»، وشوێنی مێروولەکانی بینی کە سوتێنرا بوو لە لایەن ئێمەوە، فەرمووی: «کێ ئەمەی سووتاند؟»، ووتمان: ئێمە، فەرمووی: «نابێت هیچ کەسێک سزا بدات بە ئاگر؛ مەگەر پەروەردگاری ئاگر نەبێت».
[سەحیح - ڕاست] [(أبو داود) ڕیوایەتی کردووە]

عبد اللەی کوری مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە بۆمان کە ئەوان لەگەڵ پێغەمبەری خودا بوون -صلى الله عليه وسلم- لە سەفەرێكدا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو بۆئەوەی پێویستیەکی جێبەجێ بکات، هاوەڵان باڵندەیەکی حومڕەیان بینی، حومڕە جۆرێکە لە باڵندە، ودوو بێچووی لەگەڵدا بوو، ئەوان دوو بێچووەکەیان برد، باڵندە حومڕەکە باڵەکانی دەدا بەیەکدا لە ترسی ئەوەی بێچووەکانی لە دەستداوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات وفەرمووی: کێ ئەمەی دڵتەنگ کردووە وترساندوویەتی بە بردنی بێچووەکانی؟ پاشان فەرمانی کرد بێچووەکانی بۆ بگەڕێندرێتەوە. پاشان گوندێکی مێروولەکانی بینی کە سوتێنرا بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: کێ ئەمەی سووتاند؟ هەندێك لە هاوەڵان ووتیان: ئێمە. پێیانی فەرموو: نابێت هیچ کەسێک زیندەوەرێك سزا بدات بە ئاگر؛ مەگەر خوڵقێنەری ئاگر نەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8892

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee